ئایا هەواڵتان پێبدەم سەبارەت ئەو سێ کەسە: یەکێکیان پەنای گرت بە خودا؛ بۆیە خودا پەنای دا، ویەکێکی تریان شەرمی کرد؛ بۆیە خودا شەرمی لێیکرد، وئەوی تریان پشتی هەڵکرد (تۆرە بوو وڕازی نەبوو ئامادە بێت)؛ بۆیە خودایش لێی ڕازی نەبوو

لە ئەبی واقید حاریس کوڕی عەوفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە مزگەوتدا دانیشتبوو، وخەڵکی لەگەڵیدا بوون، لەو کاتەدا سێ کەس هاتن، دووانیان هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویەکێکیان ڕوویشت، دووانیان لە نزیک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەستان، یەکێکیان شوێنێکی بەتاڵی دۆزییەوە لە ئەڵقەی دانیشتنەکەدا بۆیە لەوێ دانیشت، وئەوی تریان لە پشتی ئەوانەوە (لە پشتی ئەڵقەکەوە) دانیشت، بەڵام کەسی سێیەم ڕوویشت وپشتی هەڵکرد، وکاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە وتەکانی تەواو بوو، فەرمووی: «ئایا هەواڵتان پێبدەم سەبارەت بە ئەو سێ کەسە: یەکێکیان پەنای بە خودا گرت؛ بۆیە خودا پەنای دا، ویەکێکی تریان شەرمی کرد؛ بۆیە خودا شەرمی لێیکرد، وئەوی تریان پشتی هەڵکرد (تۆرە بوو وڕازی نەبوو ئامادە بێت)؛ بۆیە خودایش لێی ڕازی نەبوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مزگەوتدا دانیشتبوو وخەڵکیش لە دەوروپشتی بوون، وسێ پیاو هاتن، دووانیان هاتن و وەستان لە لای ئەڵقەی دانیشتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویەکێکیان ڕوویشت، ویەکێکیان شوێنێکی بەتاڵی بینی لە نێو ئەڵقەکەدا بۆیە لەوێ دانیشت، وئەڵقەکەش چەند پیاوێک بوون بە شێوەی بازنەیی لە دەوروپشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبوون وپیاوەکەی تر لە پشتی ئەمانەوە دانیشت، بەڵامی پیاوی سێیەم ڕوویشت ودانیشتنەکەی جێهێشت، وکاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە وتەکانی تەواو بوو، بە هاوەڵانی فەرموو ئایا شتێکتان پێ بڵێم سەبارەت بە ئەو سێ پیاوە:(یەکێکیان پەنای بە خودا گرت؛ بۆیە خودا پەنای دا): واتا لە شوێنێکی بەتاڵ دانیشت بۆ ئەوەی گوێ لە یادی خوای گەورە بگرێت بۆیە خوای گەورەش ڕێزی لێگرت بەهۆی فەزڵ وپاداشتی ئەم دانیشتنە پیرۆزەوە. (ویەکێکی تریان شەرمی کرد؛ بۆیە خودا شەرمی لێیکرد) واتا خۆی بە دوورگرت لە شوێنی قەرەباڵەغ ولە پشتی ئەڵقەکەوە دانیشت بەڵام بێبەش نەبوو لە بەرەکەت وپیرۆزی دانیشتنەکە. (وئەوی تریان پشتی هەڵکرد -ڕازی نەبوو ئامادە بێت-؛ بۆیە خودایش لێی ڕازی نەبوو): واتا بە بێ هۆ ڕوویشت وبۆیە بێبەش بوو لە پیرۆزی دانیشتنەکە وخودا ڕازی نەبوو تووشی پیرۆزی وبەرەکەتی ئەو دانیشتنەی بکات چونکە ئەو پشتی هەڵکرد وئامادە نەبوو دابنیشێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3005